مەلا بایەزیدی

ڕێگای صالح بوون و بەرەو خوا چوون

چاپی دووەم ١٤١٦ك ـ ١٩٩٦ز



Preview sample - page 1 of 5 - Soran University Academic Digital Library

٧١٠
١٢

ڕێگای صالح بوون و بەرەو خوا چوون

زانکۆی سۆران
فاکەلتیی نەمساداب
کتێبخانەی فاکەلتیی نەماداب
بەشی :
ژمارەی تۆماری کتێب : ٤٣٤٨
بەرواری تۆمار کردنی کتێب :

نووسینی
عەلی بابیر

٧١٠
٧٤٩٤

ئەم دیاریەی عەبدولڕەحمان ئاکرەیی
بەشکەشە بە کتێبخانەی .....

Preview sample - page 2 of 5 - Soran University Academic Digital Library

پێشەکی چاپی دووەم :

الحمد لله كما ينبغي لجلال وجهه وعظيم سلطانه ، وصلى الله تعالى وسلم وبارك على محمد النبي الأمي الأمين وآله الطيبين وصحبه الأكرمين ، والتابعين لهم بإحسان الواصلين منهم والسائرين .

مسوڵمانانی بەڕێزو خۆشەویست . . .

ئەم کتێبەی بەردەستت کەبۆیە کەمجار لەساڵی (١٤١٠) ی کۆچی نووسراو چاپکرا هەوڵێکی بەندەبوو بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنو بۆشاییەی زۆری کەلەلایەنی مەعنەوییەوە لەکاری ئیسلامیدا هەستی پێدەکرد . جائێستاش

- وەلە پێنج ساڵ دوای ئەو کاتە- هەرچەندە کاروحاڵەتی ئیسلامی لەکوردستانو شوێنەکانی تری جیهانی ئیسلامیشدا ، بەشێوەیەکی گشتی لەچاو ئەوسا زۆر گەشەی کردووەو بەرەو پێش چووە ، بەڵام بەڕای بەندە لەڕووی مەعنەویو ئەخلاقییەوە ئەو کەلێنو بۆشاییەی هەر هەستی پێدەکرێ . بگرە لەگەڵ گەورەبوونی قەوارەو کیانی کاروحاڵەتی ئیسلامیدا ئەویش زۆلتر بووە !

بۆیە لەسەر داواکردنی چەند برایەکی خەمخۆرو دڵسۆزیش بەپێویستمان زانی کەلەم قۆناغەدا بەشێوەیەکی فراوانترو چاکتر لەجاری پێشوو (ڕێگای صالحبوونو بەرەو خوا چوون) چاپو بڵاوبکرێتەوە ، پاش دەستکاریەکی کەم لەهەندێ شوێنیدا .

ئەوەی کەبەپێویستیشی دەزانم لەپێشەکیی چاپی دووەمدا لەبواری مەسەلەی (تەزکیە) وپەروەردەی مەعنەویەوە ئاڕاستەی خوێنەرانی بەڕێزی بکەم لەم چەند خاڵەدا بەگوشراوی دەیخەمە ڕوو :

١- بەندە ڕۆژ بۆ ڕۆژێ هەتا زیاتر بەئەزموونگەل (تجارب) ی کارو چاڵاکی ئیسلامیدا ڕەت دەبمەو لەو مەیدانە موبارەکەدا ئەسپ تاودەدەم ، زیاترو زیاتر لەو قەناعەتەمدا دڵنیا دەبم ، کەئەو لایەنە گرنگەو مەزنەی (تەزکیە) بەردی بناغەو بڕبڕەی پشتی دینداریو مسوڵمانەتیو ، کاکڵو جەوهەری بەندایەتیو خواپەرستییەو هەرکەسێك لەو لایەنەیدا لاوازو کرچوکاڵبێ ، حەتمەن لەلایەکانی تریشی- یان زۆربەیانی- دا بێهێزو ناتەواو دەبێ ، هەربۆیەش خوای کاربەجێوزانا لەپەروەردەکردنو پێگەیاندنی کۆمەڵی ئیسلامیی یەکەمدا لەسەردەستی پێغەمبەری پێشەوامان ﷺ هێندە جەختو داکۆکی لەسەر لایەنی مەعنەویو ئەخلاقی کردووەو زۆرترین

Preview sample - page 3 of 5 - Soran University Academic Digital Library

ڕووبەڕی سووڕەتە مەککیەکانی بۆ تەرخان کردووە چ بەشێوەی ڕاستەوخۆ چ ناڕاستەوخۆ ، بۆ وێنە سەرنجی ئەم چەند ئایەتەی سووڕەتی (الذاریات) بدە : ﴿ إنَّ المتَّقينَ في جَنّاتٍ وعُيُون . آخذينَ ماآتاهُم رَبُّهم إنَّهُم كانوا قَبلَ ذلك مُحسنينَ . كانوا قليلا منَ اللَّيل مايهجَعونَ . وَبالأسحارِ هُم يَستَغفِرونَ . وَفي أموالِهِم حَقٌّ لِلسّائِلِ وَالمَحروم . وَفي الأرضِ آياتٌ لِلموقِنين . وَفي أنفسِكُم أفلا تُبصِرونَ . . ﴾ (١٥-٢١) .

٢- شتێکی ئاشکرایە کەئینسانی مسوڵمانو ئینسانی نامسوڵمان چەند جیاوازیەکی گرنگو بنەڕەتییان لەنێواندا هەیە ، کەسەرەکیترینیان ئەوەیە ئینسانی مسوڵمان خاوەنی لایەنی مەعنەوی و ئەخلاقییە ، بەڵام بابای نامسوڵمان لەو بارەوە پووچو بۆشە . جادیارە هەتا ئینسانی مسوڵمان ئەو لایەنەی تێدا بەهێزتربێو زیاتر تێیدا گەشە بکات زیاتروچاکتر لەخەڵکی بێدینو نامسوڵمان جیادەبێتەوە ، هەتا لایەنی ناوبراویشی تێدا لاوازترو بێهێزتر بێت بەپێچەوانەوە دەبێ ، هەربۆیەش دەبینین لەکاتێکدا خوای پەروەردگار ویستبێتی وەسفو پێناسەی کۆمەڵی مسوڵمانان بکات ئەو لایەنە ڕووحییە ڕووبەڕێکی زۆری بۆ تەرخان کراوە ، بۆوێنە : لەسەرەتای سووڕەتی (المؤمنون) دا کەتەرخان کراوە بۆ پێناسەی بڕوادارانو ، خوای زانا فەرمورویەتی : ﴿ قَد أفلَحَ المؤمِنون . الَّذينَ هُم في صَلاتِهِم خاشِعونَ . وَالَّذين هُم عَنِ اللَّغوِ مُعرِضُون . وَالَّذينَ هُم لِلزكاةِ فاعِلونَ . . . ﴾ هەروەها لەکۆتایی سووڕەتی (الفرقان) دا کەدیسان بۆ وەسفو ناساندنی بەندە چاکو هەڵبژاردەکانی خوا دیاری کراوە ، فەرمورویەتی : ﴿ . . . وَعِبادُ الرَّحمنِ الَّذينَ يَمشونَ على الأرضِ هَوناً وَإذا خاطَبَهُمُ الجاهِلونَ قالوا سَلاماً . الَّذينَ يَبيتُونَ لِرَبِّهِم سُجَّداً وَقِياماً . وَالَّذينَ يَقولونَ رَبَّنااصرِف عنّا عَذابَ جَهَنَّمَ إنَّ عَذابَها كانَ غَراماً . . . ﴾

کەواتە بانگەو لایەنە لەخۆماندا تۆختترو قوڵترو بەهێزتر بکەین کەدەبێتە مایەی نزیکتربوونەوەمان لەخواو دۆستەکانیو دوورترکەوتنەوەمان لەشەیتانو شوێنکەوتووانی .

٣- بێگومان تەزکیەی نەفس خاڵێکی هاوبەشی هەموو مسوڵمانانەو تاقەهۆی ڕزگاریو سەرفرازییانە وەک خوای مەزن فەرمورویەتی : ﴿ قَد أفلَحَ مَن زَكّاها . وَقَد خابَ مَن دَسّاها ﴾ الشمس (١٠) ، هەروەها فەرمورویەتی : ﴿ قد أفلَحَ مَن تَزَكّى ﴾ الأعلى (١٤) ، بەڵام تەزکیەی نەفس بەهێزیی لایەنی مەعنەوی بۆ کەسانێک کەسەرگەرمی کاروخەباتی ئیسلامینو لەگەڵ کۆمەڵگەدا تێکەڵیو هەڵسو کەوتیان زیاترە ، لەهەموو کەس پێویستترو چارەنووسسازترە ، چونکە بابای‌وا هەمیشەو دایم دەکەوێتە بەر فشارو تەئسیری کۆمەڵگاو دەروبەرو ئەگەر لەو ڕووەوە زۆر قایمو دامەزراو نەبێ لەخشتە دەچێو

Preview sample - page 4 of 5 - Soran University Academic Digital Library

کاکلی باسه‌کان

لاپەڕە	بابەت
٣	پێشکەش بێ
٤	پێشەکیی چاپی دووەم
١٣	سێ تێبینیی گرنگ
١٤	رِێ خۆشکردن
١٦	قۆناغی یەکەم : تۆبەکردنو پاکبوونەوە
٢٤	قۆناغی دووەم : زانیاریو چاوپووننبوونەوە
٢٦	قۆناغی سێیەم : ئیخلاصو یەکلابوونەوە
٣٠	قۆناغی چوارەم : پارێزکاریو وردبوونەوە
٣٥	قۆناغی پێنجەم : ئیحسانو بەرزبوونەوە
٣٨	قۆناغی شەشەم : دەوامو ساردنەبوونەوە
٤٠	بەچی بەرەو خوا بچینو پێهەلاچین ؟
٥١	چەند ئاگاداریەکی گرنگ
٥٥	پاشکۆ
٧٩	دوا قسەم
٨٠	کاکلّی باسەکان

Preview sample - page 5 of 5 - Soran University Academic Digital Library